ئەندامانی یەکەم
کۆنگرەی یەکێتی
زانایان بۆ پەیام
دەدوێن
ل٣...............

پەیامی
یەکێتی زانایان
بەبۆنەی ساڵی
نوێی خوێندن
ل٤...............

دیاردەی گەشتیاری
بۆ هەرێمی کوردستان
چەند سەرنج و
تێبینیەك
ل٦...............

www.zanayan.org

# پەیام

پەیام کۆن نابێت

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٦١) سێ شەممە ١٢ی شەوال/ ١٤٣١ ٣٠ی گەلاوێژی ٢٧١٠ ٢٠١٠/٩/٢١

## لە یادی (٤٠) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان دووپاتی دەکەینەوە:

# ماندوونەناسانە خزمەت بە زانایان دەکەین و، فیداکارنە داکۆکی لە ماف و خواستەکانیان دەکەین

سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## پێویستە وتاربێژان مینبەری مزگەوتەکان بۆ فتوادان بەکار نەهێنن

**پەیام:** سەرۆکی زانایان داوا لەوتاربێژانی کوردستان دەکات، مینبەری مزگەوتەکان بۆ فەتوادان بەکارنەهێنن، چونکە مەسەلەی فەتوا بابەتێکی گرنگەو ناکرێ هەر کەس لەلای خۆیەوە فەتوا بدات.

لەو بارەوە لە لێدوانێکی بۆ (پەیام) بەڕێز مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان رایگەیاند: کە پێویستە وتاربێژە بەڕێزەکانی کوردستان مینبەری مزگەوت بۆ وشیارکردنەوەو، لایەنی ئیمانی و خواناسی بەکاربێنن، بۆ ئەوەی خەڵکی وشیار بکەنەوە، چونکە مینبەری مزگەوت جێگەی فەتوادان نییە، تەنها ئەگەر فەتوایەکی رەسمی هەبێت، یان هەر فەتوایەکی گشتی کە بەرەسمی دەربچێت، بەڵام بەکارهێنانی مزگەوت بۆ فەتوادان بەتایبەتی کە فەتوایەکە رەسمی نەبێت، لە جێگەی خۆی نییە.

لەدرێژەی قسەکانی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: مامۆستایانی ئایینی جێگەی رێزی ئێمەن، هەر فەتوایەك کێشەیان لەسەری هەبوو، یان روونکردنەوەیان ویست، ئەوە دەتوانن بێن سەردانی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان بکەن، لەوێ فەتوا وەربگرن، یان روونکردنەوە بدەن، بۆ ئەوەی تووشی هیچ گرفتێ نەبین لە مەسەلەی فەتوادان.



## بەیاننامەی یەکێتی زانایان بەبۆنەی یادی چل ساڵەی دامەزراندنیەوە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

( وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا )

**جەماوەری کوردستان:**

**زانایانی بە قەدر:**

رۆژی ٢٠١٠/٩/٢١ (٤٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان تێدەپەڕێت، بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزباییکردن لە تەواوی دۆست و ئەندامانی یەکێتی زانایان، پیرۆزبایی لەسەرجەم گەلی کورد دەکەین، چونکە یەکێتی زانایان لە رۆژگارێك دامەزرا، کە زەرورەتێکی زۆر گرنگ بوو، بۆ هاندانی پێشمەرگەو، رێکخستنی کاروباری ژیان و، بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و، چارەسەرکردنی ئاریشەو گرفتەکانی هاووڵاتیانی کوردستان، بەتایبەتی لە سایەی ئەو ئازادیەی لەساڵی ١٩٧٠ لەبەشێکی کوردستان، بەتایبەتی ناوچەی باڵەکاتی نەفەسی بەڕووی کورددا کردبووەوە، هەر ئەو زەرورەتەش بوو، وای لە مەلا مستەفای بارزانی کرد، زۆر بە حەکیمانە بانگهێشتی زانایانی ئایینی بکات و، سەرباری کۆکردنەوەیان، هەروەها چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بداتە دەستیان لە رێگای دامەزراندنی لێژنەی فەتواو، دەستنیشانکردنی چەند مامۆستایەکی ئایینی وەك قازی شۆڕش.

بەدرێژایی ٤٠ ساڵی تەمەنی، یەکێتی زانایان قەت لەکارو خەبات و، ئامانجەکانی دانەبڕاوە، هەر بۆیەش دەیان مامۆستامان ئاوارەو، چەندنمان شەهیدو، زۆریشمان بریندار بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەرکی خۆیان زانیوە، وەك هەڵگرانی پەیامی پیرۆزی ئیسلام، لەئاوارەییشدا قوتابیانیان فێری خوێندن و خوێندەواری کردوونە.

لەدوای راپەڕینیش لەکارکردنمان بەردەوام بووینە، ئەگەر بەدڵسۆزییەوە مێژووەکەمان هەڵبسەنگێندرێت، یەکێکین لەو لایەنانەی هەمیشە رۆڵی کاریگەرمان هەبووە بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان و ئەزموونەکەی، کە وەك یەکەم رۆژمان هەمیشە دروشمی ئیسلامپەروەری و کوردایەتیمان پێکەوە گرێداون، سەلماندوومانە، کە رۆژێك لەرۆژان بە گەل و میللەتەکەمان خائین نەبووینە، ئەوەش دیارە سەرچاوەی لەپەیامی پیرۆزی ئیسلامەوە گرتووە. ئێستاش شانازی بەوە دەکەین، کە سەرباری بەرێکردنی کارەکانمان، هەفتانە کێشەو گرفتی دەیان کەس لەرێگای لێژنە فەتواکانمان چارەسەر دەکەین و، ئاشتەوایی دەخەینە نێوانیان.

بەڕێزان: لەیادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیەکەمان بەڵێن دووپات دەکەینەوە، ماندوونەناسانە خزمەت بە زانایانی ئایینی بکەین و، فیداکارانە داکۆکی لە ماف و خواستەکانیان بکەین و، بەشێکی کاریگەر دەبین لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، هەروەها هەمیشە غەمخۆری کوردستان و، خاوەن رۆڵی کارا دەبین بۆ پاراستنی وڵاتەکەمان و، وەك هەمیشە هەردوو شاباڵی ئیسلامپەروەری و کوردایەتی پێکەوە گرێدەدەین، بۆ ئەوەی هەمیشە کوردستان مەڵبەندی خۆشەویستی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بێت.

دووبارە یادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان لە هەموو لایەك پیرۆز دەکەین.

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٠/٩/٢٠**

سەرۆکی کاروباری ئایینی تورکیا

## جەژنە پیرۆزە لە سەرۆکی زانایان دەکات



دکتۆر عەلی بەرداق ئۆغلۆ سەرۆکی کاروباری ئایینی تورکیا لەنامەیەکیداو،

لەرێگای سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی تەواوی موسڵمانانی کوردستان دەکات و، تێیدا دوپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێ موسڵمانان لەمانگی رەمەزاندا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ قورئانی پیرۆز نوێ بکەنەوەو، لەرەمەزاندا گیانی برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی و قوڵتر بکەینەوە.

دەقی پەیامنامەکە لە ل٤ بخوێنەوە.

## یەکێتی زانایان ئیدانەی سوتاندنی قورئان دەکات

لە بەیاننامەیەکدا مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ئیدانەی بڕیاری قەشە تیری جۆنز لە کلێسایەك لە فلۆریدا لەئەمریکا دەکات، کە بڕیاری داوە، لەیادی رووداوەکانی یازدەی ئەیلول قورئان بسووتێنێت بەیاننامەکە رایدەگەیەنێت، ئەم کارە هەڵقوڵاوی جەهلی قەشەو هاووێنەکانیەتی لەقورئانی پیرۆز.

روونیشی دەکاتەوە، کە ئەم کارە کاردانەوەی نەرێنی بەسەر پەیوەندیەکانی ئەمریکاو جیهانی ئیسلامییەوە دەبێت، هەروەك کار لە پێکەوەژیانەی ئاشتیانەی ئایینەکانیش دەکات.

هەروەها داوا لە موسڵمانانی کوردستان دەکات ئەم کارە کاریگەری بەسەر گیانی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵکو بە خوێندنی قورئان ئیشکردن بە قورئان وەڵامی ئەو کارە ناشیاوە بدەنەوە.

درێژەی بەیاننامەکە لەلاپەڕە ٤ بخوێنەوە.

## پۆلیسی پردێ مامۆستایەکی ئایینی دەستگیر دەکات

رۆژی هەینی دوای ئەوەی بەڕێز مامۆستا مەلا ئیدریس کاریتانی لەگەڵ چەند هاورێیەکی بۆ گەشت کردن، چووبوونە (پردێ) شەو لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە لایەن پۆلیسی پردێ دەستگیر کران.

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبویەوە، کە دەستگیرکردنی مامۆستا پەیوەندی بەدەزگا ئەمنیەکانی هەولێرەوە هەبووە، دەست بەجێ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بە هەماهەنگی لقی هەولێر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێرو ئاسایشەوە کرد، ئەوانیش بێ خەبەری خۆیان لەهەواڵەکە راگەیاندو، پێیان راگەیاندین: کە دەستگیر کردنی مامۆستا هیچ پەیوەندی بە هەولێرەوە نییە.

ئێوارەی رۆژی یەك شەممە ٩/١٩ مامۆستاو هاورێکانی ئازاد کران، دەرکەوت هۆکارەکەشی بریتی بووە، لەوەی ئەو ناوچەیە بۆ ماوەی چەند رۆژێك لەژێر ئینزار دایەو، دوای کاتژمێر ١١ی شەو دەرچوون قەدەغە بووە، مامۆستاو هاورێکانیشی کە بۆ گەشت چوو بوون، ئاگادرای ئەو بڕیارە نەبوون و دوای ١١ی شەو گەڕا بوونەوە.

لەو بارەوە مامۆستا ئیدریسش کاریتانی بە (پەیام)ی راگەیاند: پۆلیسی پردێ زۆر داوای لێبوردنیان کردو، دیارە بە هەڵە کارەکە کرا بوو.

## لەماوەی سێ مانگدا (٢٥) کەس لە لێژنەی فەتوا موسڵمان بوونە

مانگانە چەندان کەس دێنە لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان، دوای متمانەو بڕوابوون بەئایینی پیرۆزی ئیسلام موسڵمانبوونی خۆیان رادەگەیەنن، لەماوەی سێ مانگدا (١٥) کەس لەلێژنەی فەتوا موسڵمان بوونی خۆیان راگەیاندووە. هەروەها (١٠) کەسیش لە لێژنەی فەتوای لقی هەولێر موسڵمانبوونی خۆیان راگەیاندووە.

ئەوانەی کە دێن موسڵمانبوونی خۆیان رادەگەیەنن، هەندێکیان ئەو کارمەندو کرێکارانەن، کە بۆ کارکردن هاتوونەتە کوردستان، بەمەش رۆڵی ئەو خێزانانە بەدیار دەکەوێت، کە ئەوانە بۆ کرێ دەهێنن، کە دەتوانن ببنە مایەی هیدایەتیان، هەندێکیش ئەوانەن کە لەدەرەوە بە هاموشۆی موسڵمانانی ئەوێ، کاریگەربوونەو موسڵمان بوونە، هەندێکیش ئەوانەن کە بۆ بازرگانی و خاوەن کۆمپانیان، لەگەڵ چەندانی دیکەش، کە لەناوەوەی ئێراق و کوردستان دەژین.

## پێشتر ئەوقاف رایگەیاند هاوڵاتییان بە شەش ملیۆن نانێرێتە حەج چونکە بازرگانییە، کەچی ئێستا دەیان نێرێت

دوای ئەوەی دەنگۆی ناردنی حاجیان بەشەش ملیۆن بڵاو بویەوە، نارەزایی زۆری لەناو خەڵك دروست کرد، وەزارەتی ئەوقافیش بێ ئاگایی خۆی لەو بڕیارە دەربڕیوە.

لەو بارەوە سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان بە (پەیام)ی راگەیاند: ئەو جۆرە بڕیارە لەکوردستان دەرنەچووە، لەبەغدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی عیراقی دەریکردووە، کە جیا لە تیروپشك رێژەیەکی تایبەت دیاریکراوە بۆ عیراق کە بەشێوەی تایبەت بچن بۆ حەج، لەو رێژەیەی بەڕێوەبەرایەتی حەجی عیراقی دایناوە، رێژەیەکی داوەتە هەرێمی کوردستان بەو پێیەی ئێمە بەشێکی لەعیراق.

ناوبراو گوتیشی: ئەو بڕیارە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبووە، بەڵکو لەبەڕێوەبەرایەتی حەجی عیراقی ئەو بڕیارە دەر چووە. \درێژەی هەواڵەکە لەلاپەڕە ٤ بخوێنەوە.